# کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل

## 6- دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری:

## تێکستی گەندەل

ئازاد حەمە



لەم بەشەی نووسینەکەمان , تایبەت بە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل , سەرنج دەخەینە سەر دۆزی پرۆسەی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی. ئەو سەرنجخستنەسەرەش بۆ ڕەخنەکردنی ئەم پرۆسەیەیە چونکە ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی لەلایٚ خەریکە خۆی وەک جێگیری ڕۆشنبیری(ڕوناکبیری) تازەی کوردی نیشاندەدا و لەلایێتریش بووە بە پەناگەیێک بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی گەندەل. تایبەت بە لایەنی یەکەم ئەوە دەلێین ئەم لایەنە ناودەنێین دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری تازەی کوردی. پێیشمانوایە ئەو دەمەی ڕوونکردنەوە لەسەر ڕۆلی دیاردەی ناوبراو لە دروستکردنی تێکستی ( یان نووسین , بۆچوون و تەماشاکردنی) گەندەل دەدەین ناونانەکە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەدەستدێنیٚ. هەرچی لایەنی دووەمە شتیٚ ئالۆزترە چونکە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو گەندەلگەریەیە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی تێیکەوتووە. بۆیە بەلامانەوە بەهادارە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە ئەوەی لا ڕوون و دیاربیٚ بوونی ڕۆژنامەوانی  بە پەناگەیٚ بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی گەندەل شتیٚ نیە تەنیا بە باری ڕۆژنامەوانی نوێی کوردیەوە بەسترابێتەوە. ئەم لایەنە کە لە ژیانی وتاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی هاوچەرخی کوردیدا لایەنیٚ هێجگار کێشاویە هەردوو نێوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆی کوردی لە دروستبوونی بەرپرسیارن. کەواتە لەڕێگای ئەم چەند لاپەڕەیەوە دەمانەویٚ دیتنی ئەم نووسینە لەوێدا کۆکەینەوە ڕۆژنامەوانی ناتوانیٚ ڕۆشنبیری بەرهەمبهێنیٚ بەلام باوەڕیشمان بەوە هەیە ڕۆژنامەوانی بەهۆی ئامادەکردنی بەلگە و فاکتەی جۆربەجۆرەوە دەتوانیٚ ڕێگای نویٚ بخاتە بەردەست ڕۆشنبیریەوە. گرفتی ئەو کۆمەلگانەش بەدەست دیاردەی گەندەلییەوە دەتلێنەوە لەمحالەتانەدا ئەوەیە ڕۆشنبیری چاوی لەدەست ڕۆژنامەوانییە و ڕۆژنامەوانیش خۆی وەک ئەلتەرنەتیڤی توێژینەوە نیشاندەدا. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ڕۆژنامەوانی لە کۆمەلگە گەندەلەکانا بە سازێنەری ڕۆشنبیری ناویرۆشتووە بەلام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی ناکاریٚ ئەمەبکا و ئەوتوانایەی نییە توێژینەوە و ڕاقەکردن بەرهەمبهێنیٚ ئەمەوادەکا ڕۆژنامەوانی ڕۆژانە بەهۆی کەنالە جیاکانیەوە دونیاییٚ تێکستی گەندەل بخاتە بەردەست خوێنەرانەوە لەهەرکوێبن. مەبەستیشمان لە دەربڕینی لەهەرکوێبن ئەوەیە, ئاڕاستەی ڕۆژنامەوانی کوردی نویٚ لە دەرەوەی کوردستان و لە ناوەوەی کوردستان ئەو جیاوازیە ئێپستمیەی نییە بابەتی باسکردن بیٚ. بۆیە لە میانەی ئەم نووسینە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو سەکۆ ڕۆشنبیریە ناکەین ڕۆژنامەوانی کوردی لەم یەک دەیەی دوای لە هەندەران و لە کوردستان کاری لەسەر کردوون. چونکە هەر دوو سەکۆکە بەشداری خۆیان لە خولقانی دیاردەی ناوبراو هەبووە. ئەمەو لەبەرئەوەی هەر دوو سەکۆکە ڕۆژنامەوانی وەک بواریٚ لە کوردۆلۆژیا دەبینن نەیانتوانیوە ئەزموونی یەکتر تێپەڕێنن.

سەربارى ئەوی ووترا پییمانباشە پەنجە بۆئەو لایەنەش ڕاکێشین کە لە کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس دا لەبەرئەوەی خەلک بەگشتی و توێژی ڕۆشنبیرانیش (ڕۆژنامەوانان بەشێکن لەم توێژە) بەتایبەتی هیوایٚ زۆر دەخەنە سەر بواری ڕۆژنامەگەری و دەشیکەن بەسەکۆیٚ بۆ گشت جۆرەکانی ووتن ئەمە وادەکا ڕۆژنامەوانی لەلایٚ تەشەنەیٚ زۆر بکا و لەلایێتریش هەموو کەسیٚ ئامادەبیٚ ڕۆژنامەیٚ سەرپەرشتیکا یان خۆی وەک ڕۆژنامەوان بخاتەڕوو. لەمجۆرە حالەتانەشدا ڕۆژنامەوان ڕۆشنبیریٚ کۆکتێل (تێکەل) بەردەست خەلک دەخا و ئەو

ڕۆشنبیریەش لەبەرئەوەی مەیلێ زۆر کۆکتێلی هەیە بۆیە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە ئەوەندە بایەخی بۆ پسپۆڕی نییە و قوولبوونەوەشی لامانادارنییە لەبوار و پۆلە زانینە جیاکان ئەمەش بەتەبیعەتیحال وادەکا نەک هەر لە کاری ڕۆژنامەوانی بەلکو لە کاری ڕۆشنبیریشدا ئابووری وەک بوارێ بوونی نەبێ , زانستی زمان یاخود فەلسەفە لەبنڕا وون بن و, شتکیش نەبێ ناوی شیکردنەوەی دەروونی یان ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی) و ئیتنۆگرافی (ڕەگەزناسی) بێ و تەنانەت لەمحالەتانەدا کاردەگاتەئەوەی ناو و نیشانی زانستە سروشتیەکانیش (فیزیا, زیندەوەرناسی, کارئەندامناسی و,,,هتد) تائەوپەڕی بێپاشماوەبن. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە بەرهەمی هەندێ شتە پێشتر ئاماژەی بۆکراوە - لەوانە: بێ بەهابوونی نووسین, یان پەیڤ و چەمک مانا و کێشی کۆمەلایەتی و ڕەوشتیی و تەنانەت ئایدیۆلۆژیەشی نامێنێ, هەروەها زۆربوونی نووسەر و بێتوانای خوێنەر لە هەلبژاردنی تێکست و بلاوبوونەوەی خوێنەر و تێکستی گەندەل - بەلام دەشێ ئەوەشبووترێ ئەو کۆمەلگانەی لەڕێگای کاری پارتیزانییەوە دەگەنە قۆناغی سەربەخۆی و کیانی سیاسی بۆخۆیان دروستدەکەن, زۆرترین بایەخی نووسەرانیان یان بەگشتی سەرجەم وتاری ڕۆشنبیرییان لەبواری ڕۆژنامەوانیدا قەتیسدەبێ. هۆیئەمەش زۆر بەکورتی بۆئەوەدەگەڕێتەوە کاری ڕۆژنامەوانی لەم جۆرە کۆمەلگانە ماناێ گەورەی بۆ درێژەدان بە کردەی سەرفرازی و واتای ئازادی دەبێ. واتە لەم جۆرە کۆمەلگانە ڕۆژنامەوانی بەکاردەبرێ و ماهیەتی ئەم بەکاربردنەش بۆ پارێزگاریکردنە لە وتاری سیاسی و ڕوناکبیری سیاسی..بەلام هەلەی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری ئەم جۆرە کۆمەلگانە لەمڕووەوە ئەوەیە دەستەبژێری ناوبراو کار بۆئەوەناکەن زۆرینەی حەلک لەوەبەئاگابێنن ڕۆژنامەوانی کاری تەنیا پاراستنی ستاتۆسی ناسنامەی سیاسی نییە بەلکو کاری بایەخدانیشە بە قۆناغی پاش ئازادی سیاسی. بۆیە لەمبەشەی نووسینەکەمان دەمانەوێ خۆمان لەو باسانەش نزدیککەینەوە خەوشی ئەو لایەنانە ڕوندەکاتەوە کار بۆ بەرجەستەکردنی کردەی ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامەوانیدا دەکەن و هەروەها ڕۆژنامەوانیش لە تێگەیشتنی سیاسی ئەبستراکتدا دەتوێننەوە, هەروەها لەڕێگای ئەو ڕوونکردنەوانەوە ئەو هەلانەش دەستنیشاندەکەین چەند ڕۆشنبیری ڕۆژنامەوانی گەندەلی ئەمڕۆمان تێکدەری ئازادی ڕاستەقینەیە و بەرهەمهێنەری تێکستی گەندەلیشە لەمەڕ ئازادی. ئەمەو لەکۆتایدا و بەکورتی دێینەسەر باس لە دزێویەکانی نێوەندی ئەکادیمی و لەمڕوەشەوە ڕۆلی ئەم نێوەندە لە گەندەلکردنی نەک هەر کاری ڕۆژنامەوانی بەلکو وتاری ڕۆشنبیریش بەرباسدەخەین.

لەمسەرەتایەشەوە بەپێویستیدەزانین تەماشاکردنی خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە بۆئەوە ڕاکێشین, ئەوەی ڕۆژانە تێبینیدەکرێ ئەوەیە بەردەوام هەولدەدرێ ئەوە لەناو خەلک با و گشتیکرێ ئەوەی ڕۆشنبیری بەرهەمدێنێ ڕۆژنامەوانییە و لەمڕوەشەوە کارێزۆر بۆئەوەکراوە هیوایێ زۆر بەوەکرێ ڕۆژنامەوانی سازێنەری ڕۆشنبیریە. ئەم دیتنە کە لێوانلێوە لە هەلە ئەرک و بەرپرسیاریەتی مێدیاشی تێکداوە. چونکە مێدیا نە ڕۆشنبیری بەرهەمدێنێ و نەش لەتوانایەتی پشت لە ڕۆشنبیری بکا. بەلام دەکرێ بووترێ مێدیا لە هەناوی خۆیا ڕۆشنبیریێ تایبەتی حەشارداوە دەشێ ناونرێ ڕۆشنبیری مێدیا بەلام ئەو ڕۆشنبیرییە لەهەموو ڕویکەوە قەرزارباری خودی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیران و ئەوانەشە دۆستی هەرەنزدیکی هزرن. واتە مێدیا بۆئەوەی خاوەنی ڕۆشنبیریێ تایبەت بەخۆی بێ پێویستی بە هێزی ڕۆشنبیرانە لە بنیادنانی ئەو ڕۆشنبیرییە مێدیاییە. بەمجۆرە مێدیا بۆ خۆ بنیاتنان و پەرەدان بە شێوازی کارکردنی کەلک لە ڕۆشنبیری وەردەگرێ بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە مێدیا شوێنێکە بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیریی. هۆی ئەمەش تەنیا ئەوەیە ڕۆشنبیری شوێنی تری هەیە یان ئەو فابریکەیەی ڕۆشنبیری بەرهەمدێنێ مێدیا نییە بەلکو ئەو هزرە ڕیزپەڕەیە لای نووسەر و بیریاران خۆی مەلاسداوە و, خاسلەتی ئەم هزرەش لەوەدایە لە گۆشەگیری و کۆچەریدا تەمەن بەسەردەبا. ئەمجۆرە ڕۆشنبیریەش تەنیا لە ژێرسایەی دۆز و نێوئامێزی پۆل و بواریدیا بەرهەمدێ و لەتواناشیدایە زۆرترین

کاریگەری بەسەر مێدیاوە هەبێ و مێدیاش وەک یەکێ لە بوارەکای ئاگایی ڕۆشتبیریی دەکارێ بیرۆکە و بینینی ڕۆشنبیران تائەوپەڕی بەکاربەرێ و ڕەخنە و گفتووگۆشیانکا.

بۆزێتر داکۆکیکردن لەوی لایسەرەوە ووترا پییێمانباشە جەغتلەوەکەین , بۆگەلێ ئەوە ڕوونە سەردەمی نوێ خۆی وانیشاندەدا بێ مێدیا ئەستەمە کاتەکانی بەسەربەرێ بەلام مێدیای ڕاستەقینە ناتوانێ نەشونماکا گەر سەرمایەی هزری ڕۆشنبیران لەپشتیەوە نەبێ. ئەوانەش لەبواری مێدیادا کاردەکەن پتر لەکەسانی تر لەوەگەیشتوون, کاتێ لە مێدیادا جیهانی وێنە و وشە بەیەکدی تێکەلدەبن ئەمە بۆئەوەیە هێما و ئاماژەی چڕ و خێرا لەم وێنە و وشەیە بەرهەمبێن و ئەو هێما و ئاماژانەش بتوانن لە گرفت و کەموکوڕیەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ گوزارەبکەن بەلام ئەم تەماشاکردنە هەرگیز بەو مانایە نایێ مێدیا دروستکەری بیرمەندیە. بەلکو بەپێچەوانەوە مێدیا بەکاربری بیری بیرمەندانە و شوێنێکیشە بۆ گفتووگۆکردن و گازندەکردنی بینین و سێرکردنی بیرمەندان. ئەوەش کە ڕاستی ئەم لایەنە ڕووندەکاتەوە دۆزی کۆمەلگەی زانیاری نوێیە. چونکە ئەم جۆرە کۆمەلگەیە بەجۆری لێکئالاوە ئەوی ئێستا دەوترێ یان ڕوودەدا پاش تۆزێتر یان دەمودەست دەگوێزرێتەوە بۆیە ئێستا دۆزێ لە جیهانا, لە کۆمەلگە نوێکانا, لە هاتنەکایەوەدایە ئەم دۆزە بیریار و ڕۆشنفکرانیشی خستۆتە ناو بۆسەی مێدیای تازەوە. بەلام لێرە شتێ هەیە دەشێ لەبیرنەکرێ و ئەوەش ئەمەیە: ئەوی بیریار و ڕوناکبیران لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانا لەمیانەی نووسینێ پووخت و یان لێدوانێ چڕ و سەرووتارێ سەرپێیدا دەیخەنەڕوو ناکرێ وەک پڕۆژەهاێکی فەلسەفی و هزری گەورە تەماشاکرێن. واتە ناشێ بەهۆی لێدوان و یان سەروتاری کورت و چڕی ڕوناکبیر و بیریارانەوە بە گشت ئەو تێز و بیرۆکانە ئاشنابین ڕوناکبیر و بیریاران کاریلەسەردەکەن. چونکە لە مێدیادا ئەو شیاوییە لەئارادانییە مرۆڤ بکارێ بە سەرجەم سەرمایەی هزری یان ڕاڤەکردن و توێژنەوەی بیریار و ڕۆشنفکران تایبەت بە کێشە هەنووکەی و ڕۆژانەیەکانی تاک و کۆمەلگەی نوێ ئاشنابێ. ئەگەر ئەم ووتنە مانای ئەوەبێ مێدیا ناکارێ پشت لە بیری بیرمەند و ڕوناکبیران بکا دەشێ لەم ووتنە مانایێ تریش بەدیکرێ ئەوەش ئەمەیە: لەبەرئەوەی بیری بیرمەند و ڕوناکبیران مانای خۆی بۆ ناونان و پێناسەکردن و ڕووونکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان هەیە بۆیە نا ئاساییە ئەمانیش خۆیان لە مێدیای کۆمەلگەی زانیاری نوێ دوورخەنەوە. بەلام ئەم لایەنە ناکرێ بە هەلە شیکرێتەوە. چونکە مێدیای نوێ نە مێدیایێ نا- پڕاگماتیە و نەش بەپێی ویستی بیرمەند و ڕۆشنبیران دەجولێتەوە. ئەمە و زۆر هەلەشە پییێمانوابێ مێدیا دەکارێ ڕوناکبیر و بیرمەند بهێنێتەدونیا. مێدیا دەتوانێ بیرمەندی و ڕوناکبیری بەکاربەرێ بەلام لەتوانایدا نییە ئەوە بەرهەمبهێنێ.. کەواتە هەلەیە پییێمانوابێ ڕۆژنامەوانی توێژینەوە بەرهەمدێنێ. بەلام ئاساییە پییێمانوابێ ڕۆژنامەوانی دەتوانێ وەک سەرچاوە بۆ ڕۆشنبیری تەماشاکرێ یان ڕۆژنامەوانی تابلێی ئەو توانایەی تیایە زانیاری و زانینی کاتی و پەلە لەسەر ڕووداو و دیاردەکانی ئەم کۆمەلگە و ئەو کۆمەلگە یان ئەم کولتوور و ئەو کولتوور بەردەست ڕۆشنبیرانخا بەلام هەرگیز ڕۆژنامەوانی ئەو هێزەی تیانییە ببێ بە بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیری یان زەمینە بۆ سازاندنی توێژینەوە ئامادەکا. بەواتایێتر, ئەوەی ڕۆژنامەوانی بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیرییە ئەمە دیتنێ هەلەیە و هیچ ئەزموونێ کولتووریش, ئەزموونی کولتووری گەندەلی لێدەرچێ, ڕێگا بەم وڕێنەیە نادا. واتە هیچ نەتەوە و یان کۆمەلگەێ پێیوانییە لەڕێگای ڕۆژنامەوانیەوە دەتوانرێ ڕۆشنبیری دروستکرێ. ئەمەو لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی بریتی نییە لە گشت زانین و گشت هێزەکانی ڕۆشنبیریشی تیاکۆنەبۆتەوە بۆیە ڕۆژنامەوانی ناشێ وەک جێگیری ڕۆشنبیریش تەماشاکرێ.

بەدەر لەوی لایسەرەوە دەستیبۆدرێژکرا دەشێ خوێنەری ئەم نووسینە لەوەشبەئاگاهێنرێ , مێدیای تازەی کوردی دەیەوێ لەڕێگای هەلڕشتنی وشە و گۆکردنی ناوی چەند بیریارێ دیاریکراوەوە پێمانبێژێ ""من دەستم لە بەڕۆشنبیریکردندا بالایە""! هەروەها کادێرەکانی بواری ڕۆژنامەوانی, کە بەشێ زۆریان دەستەێ موچەخۆر و

کارمەندی سیاسیین و یان بۆ بژێوی ژیان کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن , گەر دۆستی پلەیەکی هزرەڤانی نەبن ناکارن ئاسۆ لەبەردەم پرۆسەی ڕۆشنبیریبووندا بکەنەوە.ئەمەو خراپنییە دەست بۆئەو لایەنەش ڕاکێشین لەبەرئەوەی هزرەڤانی لە ژیانی ڕۆژنامەوانی نوێ کوردی بێ بناغە خۆیدەردەخا ڕۆژنامەوانی ناتوانێ وەرچەرخان لە وتاری ڕۆشنبیری تازەی کوردی دا بکا. ئەم لایەنە کە مایەی شیکردنەوەێ دەستەجەمعیە لە ئایندەدا ئەتوانێ درزێ گەورە لە بوونیادی ڕۆشنبیریمانا دروستکا. چونکە ئەم لایەنە لە نەستی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخی کورد خۆی وەک کێشە نیشان نادا. بۆیە ڕاڤەکردنی نەستی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخی کورد هەنگاوێ بەپیتە بۆگەیشتن لە پرۆسەی گەشەی نەکهەر ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی بەلکو خودی وتاری ڕۆشنبیری نوێی کوردیش. بۆیە لێرە و زۆربەکورتی دەمانەوێ ئاماژەبەوەبکەین نەستی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی لەڕادەبەدەر ناکاریگەر و کاوێژاویە. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی بۆئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی لەسەر یادەوەریەکان دەژی و ماهیەتی ئەم یادەوەریانەش ئەو درامایانەن تاکی کورد تیایژیاوە بەلام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی دوا کۆششی خۆی لەمڕووەوە دەستنیشانەکردوە و خۆشی لە هەستی یادەوەرپەرستی ڕزگارنەکردوە بۆیە ئەوەی بۆیماوەتەوە بەردەوام کاریلەسەرکا کاوێژکردنەوەی ڕابردووە و لاواندنەوەی دراماکانە. ئەم لایەنە کە ژیانی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی داگیرکردووە لە کاریگەریشیخستووە و دووچاری گەندەلی هزریشی کردووە. لێرەوە دەکرێ خوێنەری ئەم نووسینە خەیالی بۆئەوەبچێ ""نەستی باوی ڕۆژنامەوانانی کورد "" دەیەوێ وانەی ئەوەمان پێبلێتەوە ڕۆژنامەوانی ""واتە کوردایەتی."". خۆی ڕۆژنامەوانی لە کوردایەتی ناکرێ دابڕدرێ بەلام ڕۆژنامەوانی بە کوردایەتی یەکسان نییە. ئەلبەتە ئەو ئاماژانەش ڕۆژانە لە مێدیای کوردیدا پەخشدەبن وایانلەئێمەکردووە بۆئەوەبچین ڕۆژنامەوانی دەیەوێ ئەم جۆرە وانەیەمان پێبلێتەوە. ئەو ئاماژانە کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیەوە ترسناکن ئەوە ڕووندەکەنەوە ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی جێگیری وتاری ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردییە, یان ڕۆژنامەوانی قسەکەری ئەو 100 سالەی وتاری ناسیۆنالیزمی کوردییە کە تیایا نەشونمای کردووە. ئەمە بەخۆی بیرۆکەێ هەلەیە و تائەندازەێ دەرئەنجامی کوشندەشی لەناو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانانا خستۆتەوە. ئەلبەتە ئەو دەرئەنجامانانە لەلاێ بە زیانی وتاری سیاسی کوردی کەوتوونەتەوە و لەلایتریش خودی ڕۆژنامەوانیشی پیێلەکەدارکردووە. ئەوەش وایکردووە نەستی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی بارهەلگری ئەو ئیدیایە بێ گوایە ڕۆژنامەوانی قسەکەری وتاری ناسیۆنالیزمی کوردیە دوو شتە. هۆی یەکەم ئەوەیە پرۆسەی گەشەی وتاری ڕۆژنامەوانی کوردی ڕێگای لەبەردەم ئەم ئیدیایە کردۆتەوە. واتە ڕابردووی خودی بزاڤی ڕۆژنامەوانی لەم دەرئەنجام سازاندنە بەرپرسیارە. دووەمیش هەژاری هزری ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی کوردیش لەم ڕوەوە بەرپرسیاری دەکەوێتەسەر. چونکە ئەو هەژاریە والە ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی کورد دەکا هیوایێ زۆر بخەنەسەر ڕۆژنامەوانی و وەک بوارێ بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوە و ڕاڤەکردن تەماشایکەن.

ئەو دوا لایەنەی لایسەرەوە ئاماژەپێدرا پاشتر دێینەوەسەری بەلام لێرە بەباشی دەزانین بێینەسەر مانای گەندەلی هزری بۆ بەهەلە گەیشتن لە کاری ڕۆژنامەوانی. لەمڕووەشەوە بەچاکیدەزانین جەغتلەوەکەین ڕۆژنامەوانی گەندەل هێزی خۆی لە تێگەیشتنی باو و نا- تایبەتەوە وەردەگرێ و , جیاوازی لەنێوان هەوال و هزرەڤانیدا ناکا و دەرکیشبەوەناکا ڕۆژنامەگەری ئەرکی تەنیا جووینەوەی ڕوودا و دەنگووباس و هۆشیاردان نییە لەسەر دراما سیاسییەکان. بۆیشە وادەلێین چونکە جووینەوەی ڕووداو و دەنگووباس بووە بە ڕۆحی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی و ئەمەش وایکردووە کردەی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی لە گشت پرۆسەێکی هزری دوورکەوێتەوە و , ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی وێنەێکی ئەوتۆشی لەسەر خودی خۆی دروستکردووە کە ڕۆژنامەوانی فاکتەرێ سەرەکیە بۆ دروستکردنی هوشیاری لەسەر دۆزی تاک و کۆمەلگا. ئەم وێنەیە ئەو دەمە ڕاستیخۆی دەسەلمێنێ کە

ڕۆژنامەوانی ترسێبێ لەسەر دەسەلاتی سیاسی و دەروازەێکیش بێ بۆ خولقانی ئوپنیونی(دیدی) ڕێزپەڕ و کاریگەر. بەلگەشمان لەمڕووەوە ئەوەیە, زۆربەی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتیە بنەڕەتییەکان ئائێستاش لەشوێنی خۆیانان و بنەمالەگەری کە جێگری دەستەبژێرە گشت هێزە سیاسی و ئابووریەکانی بەدەستەوەیە. ڕۆژنامەوانیش لەبەرئەوەی لەمڕووەوە هیچی بەرهەمهێنەرە نەدەشێ ئەو هیوا گەورەیەی پێکرێ و نەش دەشێ ووتنەکانی گرنگی پێدرێ. چونکە ڕۆژنامەوانی کە نەتوانێ لە ڕادەی بێ کاری و هەژاری و کوشتنی ئافرەت و دزی و هەتیوخستنی خەلک کەمکاتەوە نەک هەر ناتوانێ ووتنەکانی مایەی گرینگیپێدان بن بەلکو پێش گشتشتێ ناتوانێ بلێ من وانەی کوردایەتیش دەلێمەوە. چونکە ئەو ئافرەتەی دەکوژرێ و ئەو کەسەی هەتیودەخرێ و یان بێ کار و هەژار دەکرێ کوردە. ئەوەش کە دەماندزێ هەر کوردە بۆیە ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی تەمەنی کوردایەتیەکەی لە هیچیدا بەسەردەبا گەر لە نا- دادپەروەرییە کۆمەلایەتی و ناچووستییە ئابووری و ژیندەری و دیاردە دزێوەکان , وەک دزی, نەێتەگۆ. کەواتە ڕۆژنامەوانی کوردی ناکارێ پێیمانبلێ ڕۆژنامەوانی سەرووی گشت کردەێ هزری و چالاکیێ مرۆییە کە بەخۆی پشت لە هزر و مرۆڤ بکا.ئەوە ناشێ ناونرێ ڕۆژنامەوانی کە تەنیا کار بۆ دروستکردنی گریلای بێئامانج دەکا. ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە کە هەمیشە ئەوەمان بیردەخاتەوە دوژمن والەسەر سنوورە. ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە کە تەنیا هەوالی ئەلبوومبلاوکردنەوەی هونەرمەندانمان پێڕادەگەێنێ. یان ڕۆژنامەوانی دەشێ گشت ئەمانە بێ و بەلام لەگەل خۆ ڕاهێنانیشی لەسەر ووتنی هەق لەکاتی خۆیدا, بەگژاچونەوەی نا-دادپەروەری تائەوپەڕی, دەرخستن و بەرچاوخستنی هەلە سیاسی و دەستدرێژییە ئابووری و تاوانە یاسای و سەربازیەکان. چونکە ڕۆژنامەوانی کە خۆی لەسەر سەرچلی(موغامەرات) و چاوقایمی ڕانەهێنا ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە بەلکو ئەوە شتێکە دەکرێ ناونرێ سەرگوزشتەگێرانەوە و هەقایەتبازی. بەلام هەر لێرە بائەوەشمان بیرنەچێتەوە ئەو تێکستە گەندەلانەی ڕۆژانە بلاودەکرێنەوە پێچەوانەی ئەم دیتنانە خۆیان وەگەڕدەخەن.هۆی سەرەکی ئەوەش ئەوەیە ئەم تێکستانە لەتوانایاندایە ژینگەێ ڕۆشنبیری ئەوتۆ بۆخۆیان دابینکەن ئەو گەندەلە ئابووری و سیاسیەی ڕابەرایەتی هزری لەلای ڕۆژنامەوانان و لەلایتریش ڕۆشنبیران دەکا پشتگوێخەن. وەکیتریش تێکستی گەندەل ئەو دەمە دێتەکایەوە تەوژمی ڕۆژنامەوانی ئاڕاستەێ کاوێژخوازی و هەقایەتبازیی وەردەگرێ. بەلام ئەم ئاڕاستەیە لەگەل ئەو ڕەوتەش یەکدەگرێتەوە وتاری ڕۆشنبیری لە کۆمەلگەی گەندەل وەریدەگرێ بۆیە هەلەناکەین بلێین لەمجۆرە کۆمەلگانە ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری کاریگەری بێوێنە بەسەریەکەوە بەجێدێلن و یەکتریش دەنرخێنن. گەر ئەم لایەنەش وەک ئاکامێ بۆ گەندەلی هزری ببینرێ ئەوا مشتێ لە هۆکارەکانی ئەم ئاکامە بۆ بەهەلەبەکاربردنی ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە و مشتەکەیتر بۆ نەبوونی پسپۆڕ لەبواری ئەو واتایانە دەگەڕێتەوە ئەمڕۆ لە کۆمەلگەی گەندەلدا زۆر باو و پۆپولێرن لەوانە واتای ئازادی, واتای ماف, واتای دیموکراسیەت, واتای دادپەروەری و ئەرک, واتای کۆمەلگەی مەدەنی و دامەزراوی مەدەنی. کاتێ ئەو دوو لایەنەش (واتە بەهەلەبەکاربردنی ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی) یەکدەگرنەوە سەکۆیێ ناساغ و درماوی بۆ ئەوەی پێیدەلێن کاری نووسین و ئەمجار کاری ڕۆژنامەوانی سازدەکەن. ئەم دوو لایەنە کە تەواوکەرییەکن هێز بەیەکدیشدەبەخشن. چونکە ڕۆژنامەوانی ئازادی بەوە پێناسە دەکا بەرهەمی خەباتی خۆیەتی و ئازادیش ڕۆژنامەوانی بەوە تاوانباردەکا یەکەم ڕۆلەی خۆیەتی بۆیە ئەو دەمەی ئازادی لەتەک ڕۆژنامەوانیدا کێشەی دەبێ بەمە هەم ئازادی ڕوو لەتەمەن کورتی دەنێ و هەمیش داری ڕۆژنامەوانی ڕوو لە سیسبوون دەنێ. بەلام ئەم هێپۆتێزە کاتێ دەتوانێ بەمجۆرە خۆی نیشاندا کە ئازادی ااستەقینە ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینەی دروستکردبێ نەک ئازادیێ بەشمەکبوو هەروەها پێشمانوایە ئەودەمە ڕۆژئامەوانی دەکارێ فەزلی بەسەر بەردەوامبوونی ئازادیەوە هەبێ کاتێ ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە بەرهەمهێنەری ئازادی بێ نەک ڕۆژنامەوانی گەندەل و کاوێژئامێز. بۆئەوەی ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینەش لە ڕۆژنامەوانی گەندەل

جیاکەینەوە پێویستە لەوە بەئاگابین ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە نە دەرگادەخاتە سەر پشت بۆ بلاوکردنەوەی تێکستی گەندەل و نەش خۆی بە ئەلتەرنەتیڤی ڕۆشنبیری دەزانێ. واتە ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە کار بۆئەوە دەکا خۆی بێ و بەس. بابزانین مەبەست لە بەخۆبوونی ڕۆژنامەوانی چییە؟ ئەم پرسیارە بۆئێمە زێدەکرۆکدارە و هەوێنی ئەو ڕوونکردنەوەیەش لەخۆدا بەرجەستەدەکا کە لایسەرەوە درکانمان , واتە ئەوەی ڕۆژنامەوانی گشت زانین و ڕۆشنبیری ناگرێتەوە و مرۆڤیش تەنیا لەڕێگای ڕۆژنامەوانیەوە ناشێ ناسنامەی ڕۆشنبیری خۆی دروستکا. بەلام مەبەستی سەرەکی لەم پرسیارە لێرە ئەوەیە ڕۆژنامەوانی ئاسۆیێ ئەوتۆی لەبەردەمدا بکرێتەوە بکارێ ببێ بە خۆی. واتە ڕۆژنامەوانی ناسنامەێ تایبەتی خۆی هەبێ و پەلاماری ناسنامەی ڕۆشنبیری بوارە زانینیەکانی تر نەدا. چونکە تێکەلکردنی ڕۆژنامەوانی بە شتی دی ئاسۆ لەبەردەم کاری ڕۆژنامەگەری تێکدەدا و کارێئەوتۆشدەکا ڕۆژنامەوانی وەک گشت وتاری ڕۆشنبیری تەماشاکرێ. بەدلیایشەوە ئاسۆ لەبەردەم ڕۆژنامەوانی هەرگیز والانابێ تا ڕۆژنامەوانی خۆی نەبێ. بەلام بابزانین چۆن ڕۆژنامەوانی کوردی دەکارێ خۆی بێ نەک شتێتر؟

بەبۆچوونی ئێمە ڕۆژنامەوانی ئەو دەمە دەبێ بەخۆی سنووری لەنێوان خۆی و گشت شتێ یان کارێ غەیرە ڕۆژنامەوانی دانێ. بۆئەوەی ڕۆژنامەوانی ئەم سنوورە دانێ پێویستە یەکانگیر و زمانڕاستەوخۆ بێ. هەروەها ئەم ناتوانێ ئەمەبێ تا هەوال (دەنگووباس) و زانیاری ڕاستەقینە لە هەوال و زانیاری ناڕاستەقینە جیانەکاتەوە. هەروەها ئەم ئەمەنابێ تا لەوەنەگا ستووری لەنێوان ڕۆژنامەوانی و هزرەڤانیدا ئامادەیە. واشیبۆدەچین بەخۆنەبوونی ڕۆژنامەوانی لەناو ئێمە دەکرێ وەک ئارگومێنتێ بهێنرێتەوە بۆ هەندێ شت لەوانە:

* ئەو دەمەی ڕۆژنامەوانی خۆینابێ شتێ دی شوێنی ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە, ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەم شتە ناودەنێین نا-ڕۆژنامەوانی. نا-ڕۆژنامەوانی لێرە بەواتای دژە ڕۆژنامەوانی ( ئەنتی ڕۆژنامەوانی) نای بەلکە بەواتای ئەوەدێ خوێنەرانی ڕۆژنامەکان وەدووی شتێ وێلن ڕۆژنامەوانی نییە. بۆیە ئەمان(واتە خوێنەران) لەبڕیئەوەی فێربوون بەدەستبهێنن ڕۆژانە فێربوون لەدەستدەدەن. چونکە گشت خوێنەرێ خاوەنی سەرمایەێ لە فێربوونە پێویستە بەردەوام بیپارێزێ و پەروەردەشیکا. ئەمەش ڕوونادا گەر خوێنەر نەتوانێ جیاوازی لەنێوان تێکستی ڕۆژنامەوانی و نا- ڕۆژنامەوانی نەکا.

* تاڕادەێ بۆ گەلێ لە ئێمە ڕوون و والایە, زانیارییە ڕۆژنامەوانیە کوردیە ڕۆژانەیەکان زێدە سەرەتای و تابلێی لاوەکی و لە دانایشەوە دوورن کە بەخۆی ڕۆژنامەوانی لەپێناوی ئەم لایەنە نەهاتۆتە دونیا. مەبەستمان,.نووسینە ڕۆژنامەوانیە کوردیە نوێکان , کە لە ڕۆژنامە و یان لە هەفتەنامە و مالپەڕەکانا پەخشدەکرێن , زۆر دووبارە و سەرپێین و هەموو ڕۆژێ و لەگشت شوێنێ وەک یەکهەن و دووبارەش دەبنەوە. واتە ئەو پێنووسەی لە ڕۆژنامەێ یان لە مالپەڕێ کێشەێ سیاسی یان کۆمەلایەتی (بۆنموونە کێشەی سیاسی کەرکوک یان مەسەلەی ڕێفراندووم یاخود....) بەرباسدەخا لە ڕۆژنامە یان هەفتەنامەێتر کەسێتر بەهەمان ئەندێشە یان بەشێوازێ زمانەوانی تر هەمان شت دووبارە بەرباسدەخاتەوە. هۆیئەوە تەنیا بۆئەوە ناگەڕێتەوە کێشەکان هەمان کێشەبوونە بەلکو بەزۆری هۆی ئەوە بۆئەوەدەگەڕێتەوە ئەندێشەی نووسەرانی تێکستەکان سەربەهەمان ژینگەی هزرین بۆیە شیکردنەوەکان وەک یەکدەبن و نووسینەکانیش ئەگەرچی ناونیشانی جیا و نووسەری جیایان هەیە بەلام هەمانشت دەلێن. ئەمەش بۆ ئێمە مانای ئەوەیە لەناو خەلک لە بنەڕەتدا یەک بۆچوون و هەمان بینین بۆ هەمان کێشە هەیە هەروەها جیاوازی لەنێوان بینینەکان گەر

هەشبن پێوەندی بە هزرەوە نییە و یان هزر لەمبەینە وونە و تابلێی ناکاریگەریشە. گرفتی ڕاستەقینەی ئەم لایەنەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە لەناو ئێمە ئەندێشەی سیاسی لە هزراندن کەوتووە و ڕۆژنامەوانیش لێیبێئاگایە . بەواتایٚ پووختر, ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی هوشیاری لەسەرئەوەنییە ئەو دەمەی سیاسەت وەک بواریٚ هزری نابینریٚ ئەوا سیاسەتەوانیش وەک هزرەڤان تەماشاناکریٚ. هەر ڕۆژنامەوانی  نوێی کوردی لەوەشنەگەیووە کە دۆزی سیاسی ناوچەکە باریٚ هزری سیاسی ئەوتۆی لەناو خەلکی کورد هێناوەتەپێشەوە سیاسەتەوان وەک یاریزان تەماشاکریٚ و توانای و شیاوی سیاسەتەوانیش بەو یاریانەوە گرێدرێتەوە کە بەشدارییانتیادەکا ئەمەش ئەو مانایە بەرهەمدێنیٚ سیاسەت واتە بردنەوە. بەلام موخابن ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی لەوەنەگەیشتووە کە لەو شوێنەی سیاسیٚ دەیباتەوە سیاسیٚ تر دەدۆڕیٚ. ئەم دۆڕانەش بە زیانی زۆرینەی ئەو کۆمەلگەیە دەگەڕێتەوە چاوی لەدەست ئەم سیاسیە دۆڕاوە بووە. ئەوەش ئەم جۆرە وێنانە دروستدەکا ڕۆژنامەوانی گەندەلە کە ڕێگا نادا ڕۆژنامەوانی خۆیبیٚ..

((وێرای ئەو چەند سەرنجانەی لایسەرەوە ئەوەش دەلێین , ئازادی گەندەل یارمەتیدەریٚ باشە بۆ دروستبوونی ڕۆژنامەوانی گەندەل (واتە تێکستی گەندەل) هەروەها خوێنەری گەندەلیش. ئەم ئازادیە کە پێشتر وانەبوە و تێکدراوە دوژمنی ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینەیە. ئەو دەمەش ئەم تێکدانە برینئامێزی دەخاتەوە کە لەڕێگای گەندەلبوونی ئازادییەوە ڕاستی بێمانا و پووچ دەکریٚ. ڕۆژنامەوانیش کە نابیٚ بیٚ ڕاستی بژی لەئاکامی بەگەندەلبوونی ئازادی ئەمیش گەندەل دەبیٚ. ))هۆی ئەمەش ئەوەیە لەبناغەدا ئازادی گەندەل ڕێگا بۆدروستبوونی ڕۆژنامەوانی گەندەل سازدەکا. لەم حالەتەشدا ئەوی لە تێکچوونی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی بەرپرسیارە ئازادیە , ئەو ئازادیەی دووچاری گەندەل و کۆلاپس بووە.

بۆیە لێرە هەلەناکەین بلێین ئازادی کۆمەلگە بەڕاست مەدەنی و عیلمانیەکان لەبەرئەوە ئازادیٚ کاریگەر و بەرهەمهێنەرە چونکە ئازادی لەهەناویا ئازادی پارێزەرە و , ئەمەشوادەکا لەم جۆرە کۆمەلگانە هیوایٚ گەورە بە ڕاستی ڕۆژنامەوانی هەبیٚ. چونکە خوێنەرانی ڕۆژنامەکان ڕۆژانە بەچاویخۆیان دەبینن کە گەلیٚ لەو گۆڕانە ئیداری, سیاسی و یاسای و کۆمەلایەتیانەی لە کۆمەلگەدا دێنەکایەوە بەرهەمی ئەو ئازادیە ڕاستەقینەیەن ڕۆژنامەوانی  ڕاستەقینە تیایدەژی. ئێمە لێرە نالێین ئازادی ڕۆژنامەوانی, یان ئاڕاستەی خودی ئازادی یانیش کاری ڕۆژنامەوانی لە کۆمەلگە بەڕاست مەدەنیەکان بیٚ خەوشە بەلام لەمجۆرە کۆمەلگانە کار بۆ باشترکردن و چاکترکردن هەمیشە بەردەوامە بۆیە هیوایٚ زۆر لەم جۆرە شوێنانە بە ڕۆژنامەوانی دەکریٚ و زۆرکەس بۆئەوەی فشار بێنێتە سەر کەسیٚ, یان شتیٚ یان شوێن و بوار و لایەنیٚ بەوە دەیتۆقێنیٚ""دوای ئەچم ڕاستیەکان بۆ مێدیا باسدەکەم"" یان دەلیٚ:  "" ئەگەرنا ڕۆژنامەکانت لێبەئاگادێنم"" کەواتە لەم جۆرە کۆمەلگانە ڕاستی ڕۆژنامەوانی چەکێکە بۆ ڕێگاگرتن لە چەوتی و نا-دادپەروەری و هەلە ڕۆژانەییە کوشندەکان. بەلام لە کۆمەلگە گەندەلەکان ڕۆژنامە و گۆڤار و مالپەڕ بۆئەوەیە هەریەکە قەبیلەی سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆی بپارێزیٚ یان بالاخانەی ڕۆشنبیری بۆخۆی دامەزرێنیٚ, یاخود ڕۆژنامەوانی بۆئەوەنیە گۆڕانی گەورە بکریٚ بەلکو کەسەکانی کۆمەلگەی گەندەل کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن بەسەکۆییٚ بۆ ڕقڕژان و تۆلەکردنەوە لە ڕابڕدوو و ئێستای یەکتر ئەمەو لەکۆتایدا ئەو مشتومڕ و بگرەوبەردانەی لەڕێگای ڕۆژنامەوانیەوە دروستدەبن نە سوودی گشتی تیا دەبیٚ و نەش ئەم مشتومڕ و بگرەوبەردانە شیاوی لەبەردەم ڕۆژنامەوانی دا دەکەنەوە  کردەی ڕۆژنامەوانی ببیٚ بە نوێنەری گشت و شوێنێکیش بۆ ڕووخستنی تێگەیشتنە دژ و ناکۆکەکان و بواریٚ بۆ بەگژاچوونەوەی دیاردەی بیٚ مافی  و سنووردانان بۆ هەژاری و بیٚ کاری و کۆیلایەتی ئافرەت. ئەم دیاردانە کە ڕۆژنامەوانی کوردی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێت لێیاننایەتەگۆ لە دیاردە هەرە گرفتاوی و ناچەرەسەرکراوەکانی کۆمەلگەی گەندەلی ئەمڕۆمانن. بەلام چی وادەکا ڕۆژنامەوانی گەندەل بیٚ؟

ئێمە لایخوارەوە دێینە سەر ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵ بەوئامانجەی مانای بۆ دروستکردنی وەلامێکی کۆنکرێت و باوەڕپێکراو هەبێ.

یەکەم: سیاسەت و ئابووری گەندەل ڕەفتاری گەندەل دەخەنەوە ئەمەش کاریگەری بەسەر تێگرای دامەزراوە کۆمەلایەتی, ڕۆشنبیری, سیاسی و دارایەکانەوە دەبێ. ئەم جۆرە گەندەلە کە ڕیشەی لە هزری سیاسی دا دەبینێتەوە زەمینەێ کۆنی لەناو ئێمە هەیە. واتە واتای سیاسەت لە کۆمەلگەی تازەی کوردی پێویستی بەسەرلەنوێ ڕوونکردنەوە هەیە و تا ڕۆحی سیاسی سیاسەتیش لە گەندەل پاقژنەکرێتەوە.بڕیار و تێگەیشتنی سیاسی ناتوانێ گۆڕانی بنەماییان بێتەسەر.

دووەم: خوێنەری گەندەل بڕبڕەی مانەوەی ڕۆژنامەوانی, یان تێکستی, گەندەلە. کاتێ ڕۆژنامەوانی گەندەلیش تێکستی گەندەل بەردەست خوێنەر دەخا ئەمە کاریۆادەکا خوێنەری بێچارە و نا- بەرهەمهێنەر دروستبێ. خوێنەریش کە بێچارە و نا- بەرهەمهێنەر دەبێ واتای هەلبژاردنی تێکست مانای نامێنێ. بەهۆیئەوەشەوەی ڕۆژنامەوانی گەندەل ئیشی تەنیا نووسینە و لای ئەم نووسین و بلاوکردنەوە تاکە خەون و پرینسیپێکن خۆی لەسەر ڕاهێناوە ڕۆژنامەوانی گەندەل بیری تەنیا لای کۆکردنەوەی خوێنەرە, ئەو خوێنەرانەی بێ- بیرکردنەوە و بێ- گومان و بێ- سلەمینەوە تێکست ئەم دەست و ئەو دەستدەخا. لەئاکامی ئەم پرۆسە هەلەیەشەوە جۆرە ڕۆشنبیرێ بەرهەمدێ دەکرێ ناونرێ نا- ڕۆشنبیری. لەبەرئەوەی نا- ڕۆشنبیریش بەناوی ڕۆشنبیریەوە بەرهەمدەهێنرێ کاریگەری ئەو ئاراستە نا- بیر ئامێزەی بەسەرەوەیە ڕۆژنامەوانی گەندەل لە خولقانی بەرپرسیارە. لەبەرئەوەی هێزی ڕۆژنامەوانی گەندەلیش ڕۆژنامەوان و خوێنەری گەندەلن ئەمەوادەکا سێستەمی پاساودان لەم کۆمەلگە گەندەلەکانا لە ژیانەوەی بەردەوامدابێ.

بەلام هەموو ئەوی لەژێرسایەی ئەم خالەدا وترا دەرئەنجامن و هۆ نین. ئەوی دەشێ لێرە وەک هۆ ببینرێ تێگەیشتنی زۆرینەیە لە کۆمەلگەی گەندەل بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. ئەو تێگەیشتنە کە زۆر ناسیۆنالیە دەگەێ گەورەی لە پەیامی کاری ڕۆژنامەوانی داوە. واتە کردنی ڕۆژنامەوانی بە مینبەرێ بۆ هۆشیاری نەتەوەی و بەس, یان کردنی بە دەزگاێ بۆ گەیاندنی هەوال و دەنگوباس ئەمە ڕۆژنامەوانی دەردەدارکردووە. چونکە ڕۆژنامەوانی دەکارێ ئەوانەشبکا و بشبێ بە شوێنێ بۆ ووتنی هەق و ڕاونانی نایەکسانی ژیندەری و نادادپەروەری کۆمەلایەتی و ئابووری. واتە ڕۆژنامەوانی دەبێ زۆربەی کاتەکان سەرقالی بەگژاچوونەوەی درۆ, ناتەبای و غەدر و زۆرداری بێ. ئەم (واتە ڕۆژنامەوانی ) کە ئەمەناکا خۆی گەندەل و ناشرین دەکا. ئەو دەمەش ڕۆژنامەوانی گەندەل و ناشرین دەبێ بێدەنگی هەلدەبژێرێ, یان ڕۆژنامەوانی سووچێ بۆخۆیدەبینێتەوە تا هەقایەتەکانی هیچی بلاوێنێتەوە و ڕۆژنامەوانی بکا بە زمانحالی قەبیلە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان. بۆیە ئەوی باوکی نووسەر بووە دەبێ ئەمیش نووسەر بێ و ڕۆژنامەێ ئەلەکترۆنی دانێ و هەوال و سەرگوزشتە بلاوکاتەوە. بەتەماشاکردنێکی باری ڕۆژنامەوانیش لە شار ئەوەمان بەچاکی بۆڕووندەبێتەوە چەند پارتە سیاسیەکان لە دانانی مالپەڕو و ڕۆژنامە دژبەیەک بەرپرسیارن بەرامبەر بەوە چەندینجار گروپ و خێزانە ئەدەبیەکانیش لەوە بەرپرسیارن.

سێهەم: لە کۆمەلگەی گەندەل بەگشتی داهاتی نەتەوە بەجۆرێ نادادپەروەرانە دابەشدەکرێ و ئەمەش کاریگەری خۆی بەسەر کاری ڕۆشنبیریشەوە بەجێدێلێ. یەک لەو کاریگەریانەش هەلڕشتنی پارەیە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە بۆ کار و چالاکی ڕۆشنبیری گە بواری ڕۆژنامەوانیش دەگرێتەوە. ئەم سیاسەتە ڕۆشنبیریەش , کە بەرووبوومی سیاسەتێ ئابووری هەلەیە , ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنە سیاسیە هەلەیەشە لەناو ئێمە بۆ پاراستنی واتای ئازادی باوە. چونکە هەندێ پێیانوایە پاراستنی ئازادی تەنیا لەڕێگای هەلڕشتنی پارەوە دەبێ بۆ دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان بەلام موخابن ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیریە هەلەیە نەک هەر گەندەلی ڕۆژنامەوانی یان

ڕۆشنبیری بەرهەمهێنا بەلکو خودی ئازادیشی گەندەلکرد. بەلام بەباوەڕی ئێمە هۆی ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو بایەخە زۆرەی پیێدرا بۆهەندێ شتی دەگەڕێنینەوە لەوانە: 1- خەلک بەگشتی پاش ئاوابوونی زۆرداری بەعسیزم توونی ڕۆشنبیری بوو بەلام لەبەرئەوەی ڕۆشنبیریەکە لە ناوەڕۆکدا بێ _ پسپۆڕی نەشونمای دەکرد واتای ڕۆشنبیری گەندەلکرد ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کێشەێ کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە پارەهەلڕشتن کاری بۆ چارەسەرکردنی کرد ئەمەش وایکرد ئەو وێنەیە لەسەر وەزارەتی ناوبراو دروستبێ وەزارەتی پارەدارە بۆیە وەزارەتی ناوبراو پۆپولێربوو , 2- دروستبوونی بەلێشاوی گروپ و تاقمی جۆراوجۆریش کارێوایکرد ڕۆشنبیری وەک شتێ سەیر و عەجیب تەماشاکرێ و هەروەها ڕۆشنبیری بکەوێتە دەست چەند قەبیلەێکەوە گوایە ئامانە پارێزەری وشەی ئازاد و دەربڕینی ڕادیکالن لەکاتێکا ئەمانە نەک هەرئەوە نەبوون بەلکو تێکست دز و جەردەی فکریشبوون یان ئەوانە بوون دەیانویست لەڕێگای ئەو گوزارە و ئەندێشانەی لەم نووسەر و ئەو کتێب دەیدزن خۆیان لەوەبدزنەوە کارێ دیاریکراو لە کۆمەلگەدا بکەن و هەروەها ئەرک و بەرپرسیارێتیشیان دەستنیشانکرێ. حکومەتیش بۆئەوەی ڕووی نەتەوەی و دیموکراسی خۆی نیشاندا هات و ڕێگای لەکردنەوەی سەنتەر و یانە و بنکە و نێوەند و دامەزراوی جۆراو جۆری ڕۆشنبیری کردەوە و گشت ئەو کەسە نا- بەرهەمهێنەرانەشی کرد بە سەرپەرشتیاری ئەو شوێنانە. ئەمەشوایکرد نەک دەستەبژێرێ چاوی لەدەست وەزارەتی ڕۆشنبیری بێ بەلکو زۆرینەی شار هیوای بەم وەزارەتە دا . هۆیئەوەش بەکورتی ئەوەیە زۆرینەی شار ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانە. یان ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بووە بە تاکە کەرتێکی بەرهەمهێنان و ناودارترین پیشەسازی کوردیش. بۆیە هەلەناکەم بلێم باوبوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری کارێواشیکرد پیشەسازیێ بێتەکایەوە بەناوی پیشەسازی ڕۆشنبیری کە بە باوەڕی ئێمە ئەم جۆرە پیشەسازیە لە ئێستادا نا- بەرهەمهێنەرینترین پیشەسازیی کوردییە. چونکە ئەم شوێنە بۆتە پەناگەێ بۆ ئەوانەی نایانەوێ ئەرک و بەرپرسیارێتیان هەبێ.

<u>چوارەم</u>: نێوەندی ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی لەیەک دابڕاون ئەم دابڕانەش کارێئەوتۆیکردووە ڕۆژنامەوانی عیسامی و ئەماتۆر دروستبێ بەلام ئەوەی کە خودی نێوەندی ئەکادیمیش هیچلەبارنەبووە ئەمەش سەرێکیتری کێشەکەیە و زەمینەی بۆ گەندەلی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیرییش خستۆتەسەرپشت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش بەپێویستی دەزانین ئاماژەبەوەبکەین کە گرفتی ئەکادیمیکەرانی بواری ڕۆژنامەوانی هەمان گرفتە کۆنەکەی نێوەندی ئەکادیمیە واتە ڕۆژنامەوانی ئەکادیمی کوردی هەروەک ئەکادیمیکەری بوارەکانی زانستە مرۆی و کۆمەلایەتیەکان پێوەندی بە هزراندنەوە بچڕیووە. بۆئەوەی ئەم تێگەیشتنە ڕوونکەینەوە پێویستمان بەوەدەبێ ئاماژە بەچەند سەرنجێبدەین لەوانە:

1- ڕۆژنامەوانی ئەکادیمی دەیەوێ زانستی ڕاگەیاندن وەک بەشێ لە کوردایەتی نیشاندا بەلام ئەم ئەمە دەکا لەڕێگای کردنی خوێندنی ڕۆژنامەوانی بە تێکەلێ لە مێژووی کورد و ئەدەبی کوردی هەردوو ئەم بوارەش دەلکێنرێن بە خوێندنی تراژیدیا سیاسی و مێژوویەکانی کوردەوە بۆیە خوێنکاری ڕاگەیاندن لە کوردستان هیچ زانینێکی لەسەر زانستی زمان, فەلسەفە , شیکردنەوەی دەروونی و ئەنترۆپۆلۆژیا نییە, گەر هەشیبێ ئەوا بە هەولیخۆیپیێگەیوە جا ئەو هەولە چەند سەردەمی و کارایە ئەوەشتێترە چونکە ئەو بەشە زانستیانەی ناویانهات ئەگەر بەجۆرێ سێستەماتیک نەخوێنرێن و پسپۆڕی تایبەتیش لەم بوارانەدا سەرپشک و سەرپەرشتیار نەبن زۆر زەحمەتە خوێندکار لەڕێگای ترەوە بکارێ خۆی پەروەردەکا. بۆیە کاتێ خوێندنی ڕاگەیاندن , هەروەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان وایلێکراوە, لەنێوان کوردۆلۆژیا و تەکنیکی ڕۆژنامەوانی دەخولێتەوە ئەمە کێشەێ تاکی (ئیندڤیدوال).نییە و بەلکو کێشەێ پەروەردەی و سێستەماتیکیانەیە چارەسەرکردنەکەی بە گۆڕینی بوونیادی خوێندنی ناوبراوەوە بەستراوەتەوە نەک ئەوەی فلانە مامۆستا لابرێ یان فیسکانە کتێب بۆ وانە ووتنەوە هەلبژێردرێ. چونکە خوێندنی ڕاگەیاندن لە کوردستان ئەمرۆ خۆی لەسەر دوو شت ڕاهێناوە. یەکەم باس لە

مێژووی کۆن و هاوچەرخی کوردی (بەئەدەبەکەشیەوە) و دووەمیش مەسەلەی بایەخدان بە تەکنیکی ڕۆژنامەوانی (لایەنی دیزاین, هونەری پەخشاندن و ڕێنووسی بلاوکردنەوە و چاپکردن ) بەلام ئەم دوو شتە کە ڕۆژنامەوانی کوردی ناکارێ پشتیلێکا ماهیەتی خوێندنی ڕاگەیاندن (یان ڕۆژنامەوانی) لەسەرینەوەستاوە. بەلکو خوێندنی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) لەسەر دروستکردنی پێوەندی لەتەک زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکان وەستاوە. هەروەها لەسەر ئەوەش وەستاوە چەند خوێندنی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) دەکارێ پردێ لەنێوان خۆی و خوێندنی زانستی مۆدێرنی سیاسی دروستکا کە لە ڕێگای ئەم پردەوە بکرێ وانە و فێربوونی نوێ لەبارەی ماف, ئەرک و داد و ووتنی ڕاستییەوە بە خوێندکاری ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) بووترێتەوە,

2- خوێندنی ڕۆژنامەوانی لە خوێندنی زانستە مرۆیەکان دابڕاوە و لەمڕووەشەوە گرفتەکە تەنیا دابڕانەکە نیە بەلکو ئەو ئیلیتە ئەکادیمیەیە لە ڕوناکبیریە ئەکادیمیەکانیانا زانستە مرۆییەکان شوێنی نیە. ئەمان( واتە ئەکادیمیکەرە ڕۆژنامەوانەکانی کورد) لەبەرئەوەی تازە فریای ئەوە ناکەون لەمڕووەوە خۆیان پڕ و تێروتەسەلەکەن تاکە شتێ کە دەکارن (لەدەستیاندێ) بیکەن پشتکردنیانە لە فێربونی شتی تازە. بۆیە ئەوی ئەوان ڕۆژانە دەیلێنەوە تەنیا لەو دامەزراوە گەندەلە ئەکادیمیە ساغدەبێتەوە ئەمانە خۆیانیان تیاشاردۆتەوە. گرفتی ئەمانە (واتە ئەکادیمیکەرە ڕۆژنامەوانەکانی کورد بەتایبەت و بەگشتیش سەرجەم ئەکادیمیکەرانی کورد لە بوارە مرۆی و کۆمەلایەتیەکان) ئەوە نییە لە ڕۆژئاوا نەژیاون یان نەیانخوێندووە , زمانی بێگانە نازانن یان چی و چی بەلکو گرفتی بنەڕەتی ئەمانە ئەوەیە هزریان نیە, و

3- تاهەنووکە خوێندنی ڕۆژنامەوانی , وەکیتریش ڕاگەیاندن, لە زانکۆکانی کوردستان خۆی وەک دیاردەی ئایدیۆلۆژی نیشاندەدا و شوێنێکیشە بۆ دروستکردنی کەوادری سیاسی و کەسی تەرەفدار و دۆگما. دەلیلیشمان لەمڕووەوە ئەوەیە سالانێ لەمەوبەر بەدەرزەن خەلک لە دەزگا سیاسی و نێوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنێردران بۆ خوێندنی ڕۆژنامەوانی. ئەم هەنگاوە بەڕوالەت هەنگاوێ باش بوو چونکە ئامانج دروستکردنی کەوادری ڕاگەیاندن بوو بۆ دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان بەلام لەناوەڕۆکدا هەنگاوەکە گەندەلانە بوو یان هەر ئەم هەنگاوەیە ئەمڕۆ لە بەشێ زۆر لەو گەندەلە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیە بەرپرسە دەیژیین. چونکە ئەو وانە و زانینەی بەو کەوادرانە دەووترایەوە لەناوەڕۆکدا لە زانستی ڕاگەیاندنی سەردەمەوە دووربوون هەروەها مامەلەکردنیش لەتەک خودی ڕاگەیاندن مامەلەکردنێ ئایدیۆلۆژیانە بوو. بۆیشە بەشێ زۆر لە ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی جەنگی گەرم و ساردی سالانێ لەمەوبەر دەرچووی ئەو ژینگە ناساغ و گەندەلەن ڕۆژنامەوانی خۆی لەسەر پەروەردەدەکرد. ئەم لایەنە کە لە زۆرینەی گەندەلیەکانی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ بەرپرسیارە تێکدەری پێوەندی نێوان ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریشە. بۆیە ئەم ئاڕاستەیە ( واتە بەئایدیۆلۆژیکردنی خوێندنی ڕۆژنامەوانی) بارێ ئەوتۆشی هێنایەپێشێ لەپال ڕاگەیاندن ئەدەب و مێژوو بووترێتەوە نەک زانستی زمان یان لۆژیک, ناسیۆنالیزم بووترێتەوە نەک شیکردنەوەی دەروونی یان فەلسەفەی ئاگای, کوردایەتی و وانە لەسەر تراژیدیاکانی کورد بووترێتەوە نەک واتای ماف, ماهیەتی ڕاستی و بەرپرسیاریەتی مرۆیی و کۆمەلایەتی. بەلام پرسیارە بنەڕەتیەکە لێرە ئەوەیە کێ ئەمانەبلێتەوە کە ئێمە داوادەکەین بووترێنەوە ؟ و کێش ئەوانەی دەووتتەوە کە نەدەبایە بووترێنەوە یان لەو ئاستە گەندەلەدا نەووترێنەوە؟